خاوەنی ئیمتیاز
ئیسماعیل بەرزنجی
سەرنووسەر
محەممەد قادر
sardamm2003@yahoo.com

## خەبەر عاجیل

پەیامنێرمان لە قەزای حەویجەوە ئەم خەبەرە عاجیل و حەشیش ئامێزەی لەرێی قاچاخچیەکانەوە بۆناردین و دەقی خەبەرەکەش دەڵێ: ئێوەش وەکو برام وان برادەرانی پۆلیسی ئەو دەڤەرە دەستیان گرتوە بەسەر کێڵگەی بەرهەمهێنانی جۆرە روەکێکدا بەناوی روەکی (داتورە)، چونکە خوا پێم نەگرێ بەپێی لێکۆڵینەوەی حەشیشناسان، ئەم روەکە مەلعونە مادە هۆشبەرەکانی لێ دروست دەکرێ، ئێوەش بۆ بنکرێ خەبەر عاجیلەکە بکشێن بەرەو لاپەرە ل٣٧



www.gep-media.com
E: gepgovar@yahoo.com
Tel: 0750 704 3082
گۆڤارێکی مانگانەی کاریکاتێرییە
ئەوەڵ ژمارە ٢٠٠٤/١٠/١ لە دەستمان دەرچوو
متمانەی ژمارە (٨٤) ی ٢٠١٠/١/٧ی
سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی پێداوە



130
ساڵی هەشتەم ٢٠١١/١١/٢٦
بەکاتی: شەرەفیدراڵی

## کاریکاوێژ



ل3

ئەم برادەرە بەم پاشەڵەوە پینەی کێ ئەکات؟



ل14

ئەی ئەگەر تیژ نەکرا؟

**دەستەی نووسەران**
حسن العانی
عەلی مەندەلاوی
سالار حەسەن
رێبوار ئدریس
نەجات حەمید

**نوێنەری گۆڤار لە دهۆک**
سەردارکێستەیی
serdar_kesteyi@yahoo.com

**بەرێوەبەری هونەری و نەخشەرێژ**
رزگار فەقێ عەولا

**هونەرمەندانی کاریکاتێریست**
خضیرالحمیری
سالمسەلیم
ئیسماعیلخەیات
پەروەر
باسم رەسام
سەردارکێستەیی
عەلی دەروێش
سۆران کوردپوور
رۆستەم زادە (نامۆ)
زێرەڤان ساڵح
سەرتیپ فەتاح
بابان
ئەحمەد مەندەلاوی
ئاراس باڵەتەیی

**بەرێوەبەری کارگێری و دارایی**
چیار ئەحمەدسالار

**ماڵپەر:**
رێباز نەجات

**دیزاین**
چیار ئەحمەد
دلاوەر جەمیل

**سەرپەرشتی چاپ:**
هێمن نەجات

**نووسەرانی بەشداربوو**
محمدساهی
نەبەز وەندی
شوان غەمبار
شاخەوان محمد
دلێر مەحموودسابیر
رفعەتکەرکووکی
دیار خورشید
کاروان فەتحی

بۆ بەشداری لە کرینی گەپ
پەیوەندی بەم ژمارانەی دەزگای
تەتەرەوە بکەن
٠٦٦٢٥٥٢٢٢٤ ٠٦٦٢٥٥٢٢٢٥
٠٦٦٢٥٥٢٢٢٣

چاپخانەی موکریانی- هەولێر
ناونیشان:
هەولێر- گەرەکی ئەندازیاران


نرخ: ٥٠٠ دینار ئەگەر فریای بکەویت
تیراژ: ٤٠٠٠ دانە

# سیاسەت

سەروتار

شێوازی چارەسەری ئەزمەکان



## بە مەزەندە

* بەمەزەندەی هەرێمچییەکانی مەجالی فیدراڵی لای ئەو خوارە، دوای ئەوەی هەر توورە دەبن و لە رقا ئیعلانی هەرێمێک دەکەن، پێشبینی دەکرێت ئەم بەزمی نازی بە هەرێم بوونە ماڵەکانیش بگرێتەوەو هەموو ژوورە تاکە کەسیەکان داوای بە هەرێمبوون بکەن!..

* بەمەزەندەی قورماچییەکانی بواری ( عەیب نەبێ ) پاراستنی مافی مرۆڤ، پاش ئەوەی سوورییەکان کەشفیان کرد هەمووی کۆنکانی سەر مێزی سیاسەتە، لەوانەیە چەند دکتاتۆرێک دەست بە قەتڵ و عامی خەڵکەکەیان بکەن هەتا کەم ببنەوەو پارەی زۆریان بۆ بمێنێتەوەو نیوەی لەگەڵ مافی مرۆڤدا بەش بکەن .

* بەمەزەندەی خەبیرەکانی ئیداری و کارگێڕی و مالیەو مووچە، کاتێ دەرکەوت لە کوردستان بە سەدان نەوعی مەعاشی عەسکەری و مەدەنی و کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە، کە هەر نەوعێکیان چەندین نەوعی هەیە، کار وا بڕوات ئەوەندە نەوعەکان زۆر دەبن دانیشتوان بە منداڵانیشەوە بەش ناکەن بۆ پڕ کردنەوەیان!..

* بەمەزەندەی فاتوفیتکەرەکانی ناوەختانی مۆبایلچیەکان، دوای ئەوەی هەرچی منداڵ و تواڵ هەیە هاندی بە گوێوەیە، کاروابڕوات وڵات هەمووی ئەبێتە کۆمپانیای قسەکردن بەڵام بە رابواردنەوە...

بە مەزەندە



# سیاسەت




## شاشەی tvیەکان

* لەشاشەی کەناڵی ئاسمانیی NRT داو لەبەرنامەیەکی تایبەت بە سولفەی زەواج کەسێک بەتەلەفۆن لە پێشکەشکارەکەی پرسی: ئایا سولفەی زەواج تەنها مۆزەف دەگرێتەوە، یان هاوڵاتیش، پێشکەشکارەکە وتی: نەخێر هاوڵاتیان ناگرێتەوە تەنها بە مۆزەف و هاوڵاتیان ئەدرێت.

* لەشاشەی کەناڵی ئاسمانی سپێدەدا سەعات ٣ی پاش نیوەڕۆ لەعانی بانگی عەسردا نوسرابوو ئێستا کاتی بانگی نیوەڕۆیە بەکاتی هەولێرو دەوروبەری!

* لەکەناڵی ناوخۆیی لاو تیڤیدا سەیری فلیمێکی فارسیم ئەکرد لەپڕ لەوێنەیەکدا پەخش وەستا تانزیکەی ٤٥ دەقیقە لەسەر ئەو وێنەیە چەقی بوو تاقەتم چوو لامبرد، ئەمە لاوە؟ ئەی قوڕ بەسەری پیرەکانمان!

* تەلەفزیۆنی خاک ٣ مانگە بەخشی کەناڵەکەیان وەستاوە لەسەر شاشەکەی نوسراوە بەخشەکەمان دەوەستێ بۆماوەیەکی نادیار ئیتر نازانم ئەم ماوە نادیارە حوکمی موئەبەدە یان کاتی یە.



# سیاسەت

## نامەیەك/ لە شۆڕشگێڕانی لیبیاوە بۆ شۆڕشگێڕانی سوریا






سالار حەسەن

لە دەست و پەنجەی تۆزاوییەوە
لە غەڵبەغەڵبی فەوزاوییەوە
لە ئینتیفازەی بێ تاڵانەوە
لە تەقەی خۆشیی کۆڵانانەوە
لە خەڵکی لیبیای دەنگ دلێرەوە
لە دەرهاتووانی قورگی شێرەوە
نامە دەنوسین بە شەوقی ئاگر
بۆ جەماوەری سوریای خۆراگر
سڵاو لە جووت و جەمع و موفرەدتان
لە شیعارات و لە شەرە بەردتان
ئێوەش فەوتاون زۆر لە مێژەوە
بە دەست ئەو کابرا مل درێژەوە
ماڵ و منداڵی هەراسان کردون
پارەو سامانی بە تاڵان بردون
چونکە لە دەستەو پێری عەقلەقە
حەزی لە شوێنی حاجی لەقلەقە
فکرو دەماغ و عەقڵی ئیش ناکا
حساب بۆ کوردو عەرەبیش ناکا
ئەگەر وابڕوات ئەویش تیائەچی
بە دەردی کابرای لای ئێمە ئەچی
ئەویش نامێنێ لە کۆشک و بورجا
ئەدۆزرێتەوە لەکونی جرجا
بەڵام وەسیەت بێ بۆ ئێوەی نەبەرد
نەکەن وەک ئێمە بیدەنە بەر بەرد
ئەگەر قسەی کرد کەمێک ڕێی پێدەن
نەکەن وەک ئێمە تەپڵی پێلێدەن
خۆی و تاوان و غەدرو غودوری
بدەن بە دادگاو مەحکەمەی سوری
باقی وەسەلام خوا فرسەتتان بات
لە فرکان فرکان نەجاتتان بدات
ئەمساڵ دیکتاتۆر ڕۆژیان تاریکە
دەسا نوخشەبێ لەو سەرباریکە!!

پەیمانی سیاسی



## عەینەن یەك





### قەزافی

١- بە پرچ ڕاکێشان کوشتییان
٢- کرێچی لەوڵاتەکەیدا نەبوو
٣- لە ژێرابدا دەرییان هێنا
٤- کوڕەکەی ماوە خەریکی خەباتی ژێرزەمینیە
٥- ئافرەت پاسەوانی بوو
٦- لە کرمە لیق ئەچوو
٧- گۆڕەکەی لەشاری سرتە

### ئەسەد

١- ماوییەتی دەستیان بگاتە پرچی
٢- کورد تا ئێستاش کرێچی ئەم نەعامەیەن
٣- بچێتە تونی حەمامیش دەری ئەهێنن
٤- کوڕی گەورەشی نیە خەباتی ژێر زێرابی بۆ بکات
٥- نێرە موکیش پاسەوانی بێت ئەبێ بڕوات!
٦- بلزەبت زەڕافەیە!
٧- جاری ئەم گۆڕی وونە.

# سیاسەت




ڕێکەوتنی ئامێز پەترۆڵ

# شعری بەرەڵا



دلێر محمود سابیر

## بەڵگەی بەرچاو

لە کوێوە دەست نیشانی کەم ئەم باسە
تەنها چەند ڕستەیەک کورت و خۆلاسە
لەلای کام شێخ و پیاوچاکانی دنیا
هەڵیرێــژم خەمی قەومێکی تەنیا
نەبو نابێ کەسێ خەمخۆری کورد بێ
بە دەستی شوانی خۆی مل خاش و وورد بێ
نە کارەبا نە ئاو نە نەوت نە بەنزین
نـە ژیانێکی ئەوتـۆ بێ تیابـژین
نە مووچەیە بـە بری کرێـی بارێک
سـارێژیکا غـەم و ئێش و ئازارێک
نە ژەمــەنانێ هێندەبێ لێت زیا بێ
کە هیـچ نەبـێ ڤیتامینێکی تیا بێ
نە پارەیـەک بۆ پێویسـتی منداڵمان
قوتابخانەو چارەی حاڵ و ئەحواڵمان
نەبینیمان ڕوویەکـی خۆشی بەرپرس
نە لە دەستی ئەترازێ تاقە یەک فلس
زبڵـخانە و ســەرەنوێلکەی کۆڵانان

پاش ئاخــورەو ئالیکی سەوزی ئەوان
خۆڵــە عەمەلەکەی دەروازەی شاران
لە ژمــارە نایەن و بوونە ناونیشان
تولەڕێگای چوونی منداڵ بۆ خوێندن
ڕێگایەکــی نـزیکترە بۆ مــردن
ســێ لە سەر چواری ئەو خەڵکە ئازادە
پەڕۆی ڕاخســت بۆ سواڵی کوچەو جادە
لاوەکانمــان هەمووی نەوەی دوارۆژە
حۆلــی کردن چەرەس،، گوڵەبەڕۆژە
دەست بەتاڵ و لێکەوتوو بێ بەرنامە
کــار بەفیرۆ دانە لەو سەرشــەقامە
شــەقام چاڵ و تاسە و قوڕ و داتەپیو
کارتـۆن و زبڵەو سەوزەو میوەی گەنیو
گونــدەکانی بێ خزمەت لێبۆتەوە
بۆ قوتابخانەیەک وا ســوێی بۆتەوە
ئەم زانســتە نوێیەی هێنای ئەوانە
بە بــێ شەرم ئەڵێن خوێندن تاوانە

گەلان بــۆ دوارۆژی نەوەی هەوڵ ئەدا
لێرە سیســتەم سەریان ئەدا بە بەردا
یاســاغە گەر بێتە کەسێ بە بەرهەم
هەبــوو بخۆ نـەبوو بخۆ دەسا غەم
زەوی نەما بۆ گەنم و جۆ،،کشتوکاڵ
کەڵەگایەک بۆی نەبێ بە خاوەن ماڵ
جێیەک نەما بۆ شوێنی گەشت و گوزار
پــری نەبێ لە دووپشک و مێروو مار
نە باخچەیەک نە پارکێکی دڵ ڕفێن
نەســەیرانگایەکی دلگیر، خەمرەوێن
نە ئاســۆیەک لەم تارماییەدا دیارە
ڕەشبینە خەڵکــی ڕۆژ هەتا ئێوارە
وەرن ئەی دۆســت و دوژمـن و بێگانە
لە دێـر زەمانەوە خاکمان وێـرانە
کە خاکی من خەڵتانی نەوت و زێڕە
دە تۆ ش وەرە ئاشەکەی خۆت بگێ+رە